کەمسیۆنی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی عێراق پشتیوانی بە فەلەستین دەربڕی

کەمسیۆنی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی عێراق پشتیوانی بە فەلەستین دەربڕی هاوکات لەگەڵ شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان گروپە چەکدارەکانی فەلەستین و سوپای ئیسرائیل و لە بیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکانی ئێستای ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین و کاریگەرییەکانی هەرشی دەندانەی زایۆنییەکان بە سەر کەرتی غەزە، دەمانەوێت هەوەستی بەهێزی دەوڵەتی عێراق بە پشتیوانیکردنی فەلەستین دووپات بکەینەوە"، هەروەها کەمیسیۆنەکە داوای لە میدیاکانی عێراقی کرد کە پشتیوانی فەلەستین بن و ڕاشیگەیاند، "کەمسیۆنی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان بانگهێشتتان دەکات بە پشتیوانیکردنی تەواوی پرسی فەلەستین لە ڕێگەی ناوەندکی میدیاوە کە لەلایەن دامەزراوەکانتانەوە بەرهەم دەهێنرێت، هەروەها بە تەرخانکردنی بەشایەک لە هەواڵەکانتان بە تیشک خستنە سەر ئازارەکانی گەلی فەلەستین کە هەشتا بە داگیرکاری و سیاسەتی جیاکاری ڕێگەزی و گەمارۆدان و پێشێلکردنی پیرۆزییەکان و پێشێلکردنی بەها دەناڕەنن".